# ئەمرم و
# هەناسەیەکی تۆ هەڵنامژم

**چیرۆك/**
**هێمن مەحمود**

سەعات یانزە و نیوی شەوی چوار شەمەی یەکەمین هەفتەی چل و پێنج ساڵی تەمەنم، پاش چل و پێنج ساڵ بۆ یەکەمجار شەو لە ماڵی خۆماندا نەخەوتم.

چل و پێنج ساڵی رەبەق هەموو شەوێکی سارد، هەموو نیوەرۆیەکی گەرم، هەموو بەیانیانێکی فێنك لەو ژوورەدا دەخەوتم کە رقێکی زۆرم لێی دەبویەوە. ئەو شەوەی بردمیان دایکم هەر لەئێوارەوە لەناو جێگاکەیدا کەوتبو، باوکیشم بەدەم سەلاوات لێدانەوە سەری ماچکردم و تا بەردەرگاکە رەوانەی کردم.

لەهەموو عومری خۆمدا چوارکەس تا ئەو شەوە داوایانکردبوم. یەکێکیان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدابوم و شوم پێنەکرد، یەکێکی دیکەشیان لە بیست وپێنج ساڵیدا بوم و غرور گرتبومی و خۆم لە ئەو بە جوانتر دەزانی بۆیە رەفزم کرد، یەکێکی دیکەشیان سی وچوار ساڵی بوم و لەخۆم منالتربو نەمکرد، چوارەمیشیان هەرچەندە خاوەنی ژن ومناڵی دیکە بوو پاش ئەوەی زۆربەی تاڵەکانی سەرم سپی بون ئێوارەیەکی درەنگ  دوو پیاوی نارد بۆ داواو و هەفتەیەك پاش ئەوە لە شەوێکی خامۆشدا بردمیان.

هەموو بەیانیەك کە هەڵدەستام دەموت خودایە لەم جەهەنەمە دەرمبکە، خودایە لەبەرخاتری پێغەمبەران، لەبەرخاتری ئەسحابان وپیاوچاکان یەکجار تامی لێوی پیاوێکم پێ ببەخشە، تامی باوەشێکی گەرم، تامی هەناسەیەکی قوڵ.

خودایە دەستی پیاوێك بنێری بەر سینەم بکەوێت تا هەست بە گەرمی دەستێکی دیکە بکەم لەسەر جەستەم، ئاخر من پاش چل وپێچ نەك دەست بەڵکو هەناسەی پیاوێکیشم لە نزیکەوە گوێ لێنەبوبو.

خوشکەکانم هەمویان شویانکرد، براکانم یەکە یەکە ژنیان هێنا و ئەم ماڵەیان بە جێهشت وبیرەوەرییەکی خۆشیان بەجێنەهێشت.

دایکم ساڵانێکی درێژبوو توشی لەبیرچونەوە هاتبو و لەسەر جێگاکەی دورنەدەکوتەوە، باوکیشم هێندە بێدەنگانە دەژیا دەتوت دەمێکە ئەم دنیا پڕ ژاوە ژاوەی لەبیرچوەتەوە.

ماڵمان بەسەر شەقامێکدا دەیڕوانی کە هەموو ئێوارەیەك کوڕی جوان جوان بەوێدا تێدەپەڕین.

ئەو کاتانەی تازە پێدەگەشتم لەسەربانەکەوە دەوەستام و سەیرم دەکردن و دڵم پڕدەبوو.دایکم هەموو رۆژێك ئەوەی بۆ دووبارەدەکردمەوە کچێکی عاقڵ و  بە حەیابم و لەخۆمەوە سەرنج نەدەمە کوڕی خەڵکی.

هەر بەراستیش وەهابوم و پاش چل وپێنج ساڵ غەریبترین مەخلوق لەلام جەستەی پیاوبو. باوکم دوای پۆلی شەشی سەرەتایی لە مەکتەب هێنامیە دەرەوە و ئیدی مەکتەبم نەبینیوە.

لەهەموو تەمەنما خۆشەویستیم نەکردبوو، خۆشەویستیشم نەدەزانی، تەنها ئەوەنەبێت لە فلیمەکاندا دەمبینی. یەکەمجاریش کە مەمکەکانم گەورەبون هەستم بە ئازارێکی زۆرکرد کە لەخوارەوە بەرەو سەرەوەم دەهات.

کچێکی دراوسێمان کە ئارەزووییەکی سەیری هەبو بۆ خۆشەویستی، یەکەمجار ئەوەی فێرکردم کە چۆن ئارەزووەکانم تێربکەم، ئیدی تا تەمەنی چل و پێنج ساڵی دەستەکانم تاکە هۆکارێکبون بۆ تێرکردنی غەریزەکانم.

ئەو رۆژەش کە دواهەمین خوشکیان بردم تێر تێر گریام کەچی ئەو لەناو ئەو قەرەباڵغیەدا هەرخەریکی رەسمگرتنی خۆی بوو.چەند رۆژ دواتریش کە هاتەوە هێندە بە تام باسی یەکەم شەوی خۆی گێڕایەوە خۆم پێنەگیراو بەپەلە خۆم گەیاندە حەمامەکە.

ساڵانێکی درێژ دەبوو هەموو ئێوارەیەك لەحەوشەکەدا جێگایەك بۆ باوکم دابخەم و دایکیشم لەجامخانەکەدا بخەوێنم. ساڵانێکی درێژ خۆم بە تەنها لە ژورێکدابوم، شەوەهای شەو تا دەمەوبەیان خەو نەدەچوە چاوم و بیرم لەو دایکە کلۆڵەم دەکردەوە کە رۆژ لەدوای رۆژ شتەکانی بە  تێکەڵاوی دەگێڕایەوە و لە بیری دەکردن.

شەوەهای شەو بیرم لەیەك تاکە کەس دەکردەوە و بیریشم لەهیچ کەس نەدەکردەوە .

ئەو ئێوارەیەش کە ئەو دوو پیاوە هاتنە داوام باوکم  وتی با پرسێکی براکانی بکەم. براکانیشم پاش دانیشتنێکی درێژ بریاریاندا رازیبن بە مەرجێك دایکم و باوکم لەبیرنەچێت و سەردانیان بکەم.

ئەو پیاوەی منی داوادەکرد چەند گەڕەك خواروتری ماڵ ئێمەبون و پێنج ساڵێکیش لەخۆم گەورەتربوو، بێ یەك و دوو رازیبوم.

برایەکم دەیوت چۆن دەبێت کچێك بەو تەمەنەوە بمێنێتەوە و خەڵکی هەزار قسەی بۆ دروستدەکەن کە بۆچی ماوەتەوە. ئەوەکەی دیکەشم دەیوت ئەی باوکم و دایکم کێ بەخێویان بکات.

ساڵانێکی درێژ بیرم لەو لەحزە دەکردەوە کە بریاردەدەم ئەو ماڵە جێبهێڵم.

ئەو ماڵەی لە دەرگاکەی دەچمە دەرەوە و دەبمە خاوەنی ماڵی خۆم.ئەو ساتە هات و منیش بریاری خۆمم دا، دەبو بڕۆم، ئەو ماڵە جێبهێڵم، قسەی ئەو خوشکەشم بەدی نەهێنم کە جارێکیان لەکاتی شەڕکردنماندا وتی تۆ پیر دەبیت و کەسنایەوێیت.

کە ئوتۆمبیلەکە لەبەردەمی دەرگاکەدا وەستا و بەو شەوە درەنگە هاتن بمبەم دڵم خێرایيەکی سەیر لێیدەدا، نەك لە ئێوارەوە بەڵکو دوو رۆژیشبو هیچم نەخواردبو. کە وتم دایکە ئەمشەو دەمبەن لەسەر جێگاکەی جوڵەیەکی کرد و دەستێکی خستە ناو دەستم و هیچی نەوت. باوکیشم لە ئێوارەوە بێدەنگییەکی قوڵ دایگرتبو و سەر بەرماڵەکەشی بەجێنەدەهێشت.جانتاکەم پێچایەوە و بۆ دواین جار رۆشتمە ژورەکەوە.

خودایە چەند گریام،چەند لەخۆم دا، چەند لەسەر جێگا قەدنەکراوەکەم خۆم بەسەر دەمداخست، خودایە چەند دڵم پڕبوو.

لە دەرگاکە دراو بەپەلە خۆم کۆکردەوە، باوکم هەستا و دەرگاکەی کردەوە و بانگی کردم.پیرەژنێك لەبەر دەرگاکەدا چاوەڕێ ی منی دەکرد و دەنگی ئۆتۆمبیلە نەکوژاوەکە ئەو بێدەنگییەی شڵەقاندبوو.

بە جانتاکەمەوە پاش چل و پێنج ساڵی تەمەنم، سەعات یانزە و نیو بۆ یەکەم جار بەشەو پێم لەدەرگای ئەو ماڵە بردە دەر.باوکم سەری ماچکردم و دەستی کرد بە سەڵاوات لێدان و دەستێکی بۆ بەرزکردینەوە.

ئێستاش کە لەپێشەوەی  ئۆتۆمبیلەکەدام لەو بێدەنگیەدا بیر لەوەدەکەمەوە کەچی چاوەڕێمەوە، هەروەها بیر لە دایکیشم دەکەمەوە بەیانی سەیردەکات پاش چل و پێنج ساڵ   بۆیەکەمجار بەسەر جێگاکەمەوە نیم و خەم دایدەگرێت.

بیریش لە باوکم دەکەمەوە، کە کاتێك بە جێمان هێشت تیشکی گڵۆپە زەردەکەی بەر دەرگاکە هێندەی تر تەنها تری کردبوو.

بةهاري 2007
دةربةنديخان